# پاركی پۆلیسەكان

**"ئەوە ڕەبایەی عەسكەرییە نەک پارک ، ئەگەر وانیە لەبری ئەو هەمو پۆلیسە دەبوو پڕبوایە لە هاوڵاتی ئاسایی " گەنجێك**

ڕاپۆرتی هێمن بابان - كفری



**تەنها باخچەكەی كفری كراوەتە بنكەی پۆلیسی دارستان**

(ئیبراهیم سدیق) لەژێر یەكێك لە دارە ڕوتەنەكانی ناو باخچە خۆڵاوییەكەی نەخۆشخانەی كفریدا دانیشتبوو، بەڕوومەتیا دیاربووكە دڵی پڕە لە خەم و وشە، ئیبراهیم كە مامۆستای قوتابخانەیە ئەو ڕۆژە ویستبووی دور لە ژاوە ژاوی شار كەمێك بە تەنها و بەبێ دەنگی بەسەر بەرێت، دوای ئەوەی ویستبووی بچێتە تاقە پاركەكەی كفری، ڕێگەی چوونە ژورەوەیان پێنەدابوو، بۆیە بە ناچاری باخچە بێنازەكەی نەخۆشخانەی كفری هەڵبژاردبوو.

ئیبراهیم بە بێزارییەوە دەیوت"لەم قەزایەدا پاركێك دروستكراوە ئەویش لە لایەن پۆلیسەكانی دارستانەوە داگیركراوە"

كفری ئەو شارە پەراوێزخراوەیە كە وەكو گەنجەكان ئاماژەی بۆ دەكەن هەموو گەنجەكانی پیرن و پیرەكانیشی دەمكوتكراو، باخچەی گشتی كفری كە دوای چەندین بەڵێن و چاوەڕوانی دروستكرا، بەڵام تاوەكو ئێستا دەرگاكانی بەڕووی هاوڵاتیانی شارەكەدا داخراوە و جگە لە پۆلیس بۆ كەس نییە بچێتە ژوورەوە ، ئەم دیاردەیەش بێزارییەكی زۆری لەلای گەنجان و هاوڵاتیان دروستكردووە، هەر لەبەر ئەوەشە گەنجەكان ناویان ناوە "پاركی پۆلیسەكان"

(نەرمین محەمەد ئەمین) دەڵێت"هەرچەندە ئەم شارە بەشاری وەزیرەكان ناسراوە، بەڵام لە ئێستادا لە پەراوێزخستنێكی گەورەدا دەژی و ئێمەی گەنجیش لەوەتەی خۆمان ناسیوە پیربووین هیچ چێژێكی گەنجێتیمان نەبینیوە" نەرمین وتی"لەم شارەدا شوێنێك نییە تیایدا بحەوێینەوە و هەوایەكی پاكی بێ تەپوتۆزی تێدا هەڵمژین"

لەم شارەدا سەدان گەنجی بێ مەئوا هەن كە جگە لە كۆڵانەكانی شار هیچ جێگەیەك شك نابەن بۆ ئەوەی تاوێك لە ئازارەكانیان دووربكەونەوە.

هیوا زیرەك كە خوێندكاری ئامادەییە وتی"لەوەتەی چاوم بەدنیا هەڵهێناوە تاكو ئێستا نە پارك و نەشاری یاریم نەبینیوە" هیوا بە بێزارییەوە وتی"هەرچیمان داواكردوە دەخرێنە سەر كاغەز، بەڵام دواتر فرێ ئەدرێتە سەبەتەی خۆڵەوە"

گەنجانی شارەكە خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن كە ئازادی چوونە ناو ئەو پاركە وەردەگرن .

(چالاك عەبدولباقی) گەنجێكی شارەكەیە دەڵێت"ئەو ڕۆژەی داگیركەران (پۆلیسەكانی دارستان) دەست بەرداری باخچەكە دەبن خۆزگەیەكی نوێ لە دایك دەبێت"
(بەهار هیدایەت) كە هێشتا سێ مانگ بەسەر شوكردنیدا تێنەپەڕیوە زۆر بە تووڕەییەوە دەیوت"لە ماوەی دەزگیرانیماندا لەم شارەدا شوێنێكمان شك نەئەبرد چوار قسەی تێدا بكەین"
ئەو وتی"بەداخەوە حكومەت دەرگاكانی خۆشەویستی لێ داخستووین، لە داهاتووشدا منداڵەكانمان وەكو مرۆڤ حسابیان لەگەڵ ناكرێت"
(سەردەشت محەمەد) كە دیاربوو تەپوتۆزی جادە خۆڵاویەكە زۆر بێزاری كردبوو وتی"ئەوە ڕەبایەیە نەك پارك، ئەگەر وانییە دەبوو لەبری پۆلیس پڕبوایە لە هاوڵاتی ئاسایی" زۆرێك لە گەنجەكانی ئەم شارە لەو باوەڕەدان كە حكومەت جیاوازی دەكات لە نێوان گەنجانی ئەم شارە و شارەكانی تری كوردستاندا.
دایكی (ئەحمەد) دەڵێت"بەرپرسەكان جیاوازی دەخەنە نێوان شارەكانەوە و شارێك مەبەستیان بێت هەموو شتێكی بۆ ئەكەن، ئەوەش مەبەستیان نەبێت تا سەر ئێسقان فەرامۆشی ئەكەن، وەكو شارەكەی ئێمە"
دایكی (ئەحمەد) وتی"لە سایەی دەسەڵاتی كوردی كفری بۆتە دواكەوتوترین شاری كوردستان"
(ئیبراهم) بە سەرسوڕمانەوە وتی"من نازانم تاكەی حكومەت خۆی لە بەرپرسیاری بەرامبەرئەم شارەئەدزێتەوە و كەمتەرخەم دەبێت بەرامبەری"
سەرۆكی شارەوانی كەلار نەوزادرەشید ئاماژەی بەوە كرد كە پۆلیسی دارستان زۆریان نەماوە لەوێدا و ئەبێت لە نزیكترین ماوەدا چۆڵی بكەن، چونكە كاتی خۆی لەبەر بێ جێگایی ئەو شوێنەیان پێ دراوە .
سەرۆكی شارەوانی ئاماژەی بەوەشكرد كە بڕێك پارە دەرچووە بۆتەواوكردنی پێداویستییەكانی پاركەكە و دوای ئەوەی ئەو پێداویستیانەی بۆ دابین دەكرێت لە نزیكترین ماوەدا پاركەكە دەكرێتەوە بەڕوی هاوڵاتیانی شارەكەدا .

# دوای ئەوەی فەرمانی ئازادكردنی درا بڕیاردرا بكوژرێت

## ئەمە یەكێكە لە ڕووداوە واقیعیەكانی پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە عێراقی نوێدا

**كوردان مەحمود - بەغدا**

خۆی و پێنج براكەی لە یەكێك لە هەڵمەتەكانی دەستگیركردنی هەڕەمەكی لە ماڵەكەیان هێنرانە دەرەوەو ڕاپێچی زیندان كران، لەسەردەستی یەكێك لە گروپە چەكدارەكانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ. زیندانەكە پێشتر تەویلەی ئاژەڵ بووەو بە هیچ شێوەیەك مەرجەكانی ژیانی تێدا نییە. سەرەڕای ئەمەش ژمارەیەكی ئێجگار زۆری خەڵكی تێئاخنرابوو بە شێوەیەك وەكو پاڵەوانی چیرۆكەكە دەیگێڕێتەوە، یەك كەس تەنها هێندەی ڕووبەری كاشییەكی دەست دەكەوت كە تێیدا ئۆقرە بگرێت. بەردەوام دەبێت لەسەر چیرۆكەكەی و دەڵێت"چەندین جار ناچار بوون لەناو ئاودەستدا (W.C) بنوون. ئەو دیمەنی زۆری ئەشكەنجەدان و ئازاردانی زیندانیەكانی دیووە و خۆشی بەسەری هاتووە. دوای ماوەیەك برا بچووكەكەیان ئازاد دەكرێت چونكە قوتابی بووە. دوای ئەوەی مانگ و نیوێك بەسەر دەبات لە زینداندا، لێكۆڵینەوەكان ئەوە دەردەخەن كە ئەمان هیچ تاوانێكیان لەسەر نییەو ئەم ماوە زۆرەش كە لە زینداندا بەسەریان بردووە بە خۆڕا بووە. هەربۆیە بەرپرسان بڕیار دەدەن ئازادیان بكەن و پێیان ڕادەگەیەنن كە خۆیان ئامادەبكەن بۆ ئازادبوون. كاتێك لە زیندان دەیانبەنە دەرەوە لەگەڵ چواردە كەسی دیكە، گوێی لە یەكێك لە ئەفسەرەكان دەبێت كە بە سەربازەكانی دەڵێت كاتێك لەناوتان بردن لاشەی هەموویان لە یەك شوێن فڕێ مەدەن بەڵكو لاشەی هەریەكەیان لە شوێنێك بێت. ئەمیش دەكەوێتە گومان لەم قسانەو هەست دەكات كەوا ئەم سەربازانە كەسانێكی مەزهەبین، سەرەڕای بێتاوانی ئەمان، بەڵام هێشتا ئەوان چاویان بەرایی نایەت بگەڕێنەوە نێو ماڵ و منالیان. هەربۆیە كاتێك دەیانخەنە نێو ئۆتۆمبیلی تایبەت تاوەكو گوایە ئازاد بكرێن، لە ڕێگا دووان بەهەر شێوەیەك بێت خۆیان هەڵدەدەن و ڕادەكەن. دوای ئەوەی سەربازەكان زۆر دەگەڕێن بەدوایاندا، یەكێكیان دەكوژرێت و ئەمیش گوێی لە دەنگی ئەفسەرەكە دەبێت كە دەڵێت ئەوە گیراوی ژمارە (15)یەو نابێت ڕزگاری بێت بەڵام ئەم ڕزگاری دەبێت. پاشان بۆ ڕۆژی دوایی تەرمی یەكێك لە براكانی كە لەگەڵ ئەم گیرابوو لە (طب عدلی) دەدۆزرێتەوەو بەدەستی برا ڕزگاربووەكەی بەخاك دەسپێردرێت و دوو براكەی تریشی تا ئێستا چارەنوسیان دیار نییەو كەس نازانێت لە كوێن.

ئەمیش ئێستا، ئەگەرچی لە ڕووی یاساییەوە بێتاوانە، بەڵام میلیشیاكان بەدوایدا دەگەڕێن و بۆ پاراستنی ژیانی خۆی لە شوێنی نادیاردا خۆی شاردۆتەوە.